# قەڵەوترین پیاو و ژنی جیهان کۆچی دوایان کرد!





خۆسێ لویس گارسیا، هاوڵاتییەکی دانیشتووی مەکسیکە، ماوەیەك لەمەوپێش لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە داوای یارمەتی کرد، بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت لەو کێشە زۆرەی کە هەیەتی، کە نزیکەی ٤٥٠ کگ دەبێت، بەڵام بەهۆی ناچالاکی دڵییەوە گیانی لەدەستدا.

خۆسێ گارسیای تەمەن ٤٧ ساڵ لە ساڵی ٢٠٠٦ دا وەك قورسترین پیاوی جیهان ناوی چووە کتێبی گینسەوە، کاتێك کێشی گەیشتە ٥٦٠ کگ، بەڵام بەیارمەتی ژمارەیەك پزیشکی ئیتاڵی لە ماوەی دوو ساڵدا کێشی خۆی گەیاندە ٤٥٠ کگ.

گارسیا لەماوەی چوار مانگی ڕابردوودا بەهۆی نەخۆشی دڵەوە نەیتوانیوە لە جێگای خۆی بجوڵێت، چەندین جاریش لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە داوای یارمەتی کردبوو، بەڵام کەس بەهانایەوە نەچوو، دواجاریش بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە گیانی لەدەستدا.

هەروەها (ڕینی ولیەمز)ی ٢٩ ساڵ کە قەڵەوترین ژنی جیهان بوو، دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەك بەمەستی دابەزاندنی کێشی لەشی کە گەیشتبووە ٤٢٠ کگمو تەنانەت نەیدەتوانی منداڵە ساوەکەشی لە باوەش بکات، جەڵدەی دڵ لێیدەدات و گیان لەدەست دەدات.

زیادبوونی کێشی (ڕینی) دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی (١٢) ساڵی کاتێك تووشی شێواندنێکی جینی بووەو بەبەردەوامی قەڵەو دەبوو، هەروەها لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا شوی کردووە، دوای ئەوەی یەکەم منداڵی بووە کێشی گەیشتۆتە (١٩٠) کگم، لەدوای منداڵبوونی دووەمیش کێشی بووە بە (٢٢٠) کگم، لەساڵی ٢٠٠٧ کێشی (ڕینی) زیادیکردو گەیشتە (٤٢٠) کگم کە ئەمەش شەش ئەوەندەی کێشیو باڵای ژنێکە کە لەو تەمەنەدا بێت، بۆیە (ڕینی) زۆر پاڕایەوە کە نەشتەرگەری بۆ بکەن، بەڵام زۆرێك لە پزیشکەکان ئەم داوایەی (ڕینی)یان ڕەتکردەوە، لەبەرئەوەی مەترسی هەیە لەسەر ژیانی، لەوبارەیەوە (ڕینی ولەیەمز) دەڵێت: دەمەوێت بتوانم منداڵەکانم پەروەردە بکەم و کاتێکیش کە لە قوتابخانە دەردەچن لەگەڵیاندابم، لەسەر داوای خۆی نەشتەرگەرییەکەی بۆ ئەنجامدەدرێت کە پێنج کاتژمێری خایاندووەو نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتوو بوو، هاوکات کێشی (ڕینی) بەرەو دابەزین دەچوو، ئەوەش بەهۆی کەمخواردنی ژەمەکانییەوە، بەڵام دوای ئەوە جەڵدەی دڵ لێیدەدات و گیان لەدەست دەدات.